# ڕونکردنەوەیەک بۆ کاک کامەران جەباری

**گەر قسەی خێر نایت بە دەمتا، تومەتش مەکە بەپاڵ پیاوی باشدا**

**شێخ حەسەن پەڵکانە**

ئیمە خێزانیکی گەورە وکورد ناس بووینەو ئەبین، لە دێی پەڵکانە لەسەر ئاوو زەوی خۆمان دەژیاین لەباو باپیرەومانەون خیانتکار نەبووینەو چاومان لەکۆکرنەوەی سامان نەبووە.

بابەتت لەسەر دوو کەسی ئیمە نووسیوە، چەند دەڕوانم بیسەرو بەر لەکاری هەرزەکاری ونەزان دەچێ، بەعورف و عادەت ویاساش دەبوو پرست بەئیمەی کەس وکاری ئەنفال کراوان بکردایە، ئەوسا ئەومافت هەبوو بڵاوی کەیتەوە، ئیمە بێکەس نین کەسی باش وبەتوانامان هەیە لە وولاتو پێویستیمان بە داکۆکی کەس نیە.

چەند ساڵیکە ئەوانەی ئیمە ئەنفال کراونو، گوزەرانی کەس وکاریان خۆش نەبوو، لەم ماوەدا تەنها بۆ جارێک نەمان بیست، کاماران ناوێ دەستی یارمەتی بۆیان درێژ کردبێ نازانم چۆن خۆت کردووە بە داکۆکی کەرما؟ ئەم دڵسۆزیەت لەچیەوە سەرچاوەی گرتە، یاخو ئەمیش ئوینە دەتانەویی ئەوەی لە دز بەچی ماوە بیدەن بە فالچی؟ بێبنەما ودوومانت ناوزەد کردە بە تاوانبار.

چی رەوایە دەربەدەری، ماڵ کاولی، تالان کردن وئەنفال ئەوەی ماوە بکرێ بەتاوانبار؟ ناشرینە پیاو دوای ووتە بکەوێ، گەر بەتەمای بوردنی لە تاوەنەکانی کۆنتی، یا بەتەمای کوردایەتیت؟ بزانە کوردایەتی ئەخلاقە، بۆنی خۆشی، ڕەنگی جوانو راستگویی دەوێ.

<u>عەلی عەزیز</u> ، فێری کاری گەن نەکراوە، خۆ فرۆشو ملکەچی نازانێ، لەناو بێشکە بوو باوکی دژایەتی پاشایەتی دکردو یاخی بوو لە چیاکانی کوردستان، جەنگاوەری بەتواناو نەترسە، ئاواتی خزمەتی بێبەرامبەرە، بەشداری هەموو شەرەکانی دژ بەئەنفالی کردووە، قەلاسێوکە، کۆیە، خۆشناو، وەرتێ. هەر لەم ناوچە نەبوو لەو دەمە. ئینجا بێخەبەری یاخوو هاندەرت بۆ مەبەستی گەنی واژی تێگەیاندوی.

<u>عەبدوڵا عەبدولکەریم</u> ، هەستی کوردایەتی زاڵ بووە لە منداڵیەوە، رانکو چۆغەی لەبەر دەکرد، ئەو دەمە کەم کەس لەبەری دەکرد، لەسنگەری کوردایەتی دور نەبووە، چاوی لەکۆ کردنەوەی پارە نبووەو نیە، دەست والا بووە، نەترس وزانایە، هەردەم حیسابی پاشە ڕۆژی کردووە، داوێن ودەم ودەست ی خاوێن بووە، حەزی لە ئاژاوە نەبووە، تەبایی وهاوکاری دۆستە، هەردەم حیسابی دوا ڕۆژی بووە، رژیمی نەگەن باس دەکرد، بۆ جارێکیش نەبیستراوە پێناسەی رژیم بەباش بهینێ، عەبدوڵا پیاویکی وون نەبووە، لای رژێم وخەڵکی.

• سەرەتای شورشی نوێ هەندێ پێشمەرگە هاتنە دێ، دەیانم ناسی لەشۆرشی ئەیلولەوە. پێم ووت، ووتی شاباشی خۆت بدەو قنج هەڵپەرە. ئەوانە نایبەنە سەرو دێنەوە. واشبوو

• داوایان کردبوو فەوج بکاتەوە ئەمیش رەفزی کرد، ووتم ئیمە ئەتوانین لەگەڵ شۆرش ڕیکتان خەین، ووتی تاڵەبانی وبارزانی، کوڕاو کوری من لە نەعلەتی کورد ڕزگار ناکەن.

• برای ئەندازیار بوو، ئەم ڕەوانەی شاخی کرد، زۆر ئازارو زیانی بوو لای ڕژیمەوە، هاندراو ووتبوی پێمان کرد، لێنەگەران ئەمجا لایەکی ترەوە سەر ئیشەوە زیان بوو.

بۆ سیهەم جار لەباتی ئەم، عەبدوڵا ناوێکی دیکەیان گرتبوو، ئەمجارەش ووێنەی جاری تر.

• هاڕیی برای لە ئێرانەوە داوای گرتی عەبدوڵا دەکات تا براکەی بگەڕیتەوە، پێش ئەنفال عەبدوڵا بەمنی ڕاگەیاند کە ڕژیم شاڵاو دەبا بۆ ناوجە رزگار کراوەکان ووای بەباش دەزانی پیر، ژن ومنداڵ لە دێ نەمینێ، هەروا ووتی شاکیر برام با ١٠٠٠ دینار هەڵگرێ لەگەل خۆی خەرجی نەکاو لای بمێنی بۆ لێقەومان، گەر پێشمەرگە خۆیان رزگار کەن.

ئیمە لەدێی خۆمان بوین نەمان توانی خۆمان رزگار کەین، گیراین وهینراینە ئوردوگای شۆرش، عەبدوڵا براو ئامۆزایەکم هاتە لامان وچووە لای ئەوەی گرتبومان، ئەوەی رازی کردبوو، چومە لای کاتبی فەوجەکەو لیستی ناوەکانم لێوەرگرت، لیستەکە (١٨) ناو بوو بەمنەوە، ئەوەی توانی نەمنشەوە خۆمان شاردەوە، ئەوەی نەیتوانی شەش کەس بوون مانەوە، کرێکی من، برایەکی عەبدوڵا، لەگەڵ چوار خزمی دیکەمان، عەبدوڵا لەگەل خزمان ئەو شەشەیان گواستەوە بۆ دەواجنێک لە تەکیە هی شێخ فاتح، ئەوانە چەند ڕۆژ لەوێ مانەوە، کەس وکار چونە سەردانیان. عەبدوڵا ماڵ وپارەی بویستایە هەموو کات دەسی دەکەوت، بەڵام کورد بوو چاوی لێنەبوو.

**لەکۆتادا، دەڵیم بەسە لەو نەریتە گەڕێن، خانوی خۆش، حەوش گەورە، ماڵی رازاوەو، پارەی زۆرو، ماشێنی جوانتان هەیە، ڕێگەی چەوت بەردەن وڕیگەی راست بگرنە بەر.**